# ئەو میوانەی بە نیوەڕۆیەکدا هات

پێشکەشە بە هەکاری



ئەو نیوەڕۆیە بوو کە هەرگیز

بەو شێوەیەم نەبینی بوو

نیوەڕۆیەك ئاوس

ئاوس بە لەدایك بوونی میوانێکی ئازیز

نیوەڕۆیەك کە دەنگی چۆلەکەکان

لە رۆژان نەدەچوو

جریوەیان جیاواز ئەمرۆ

سەرشێتانە پیتی (ه) لە دەمیان دەهاتە دەرێ

زمانی گفتوگۆ (ه..ه ..ه) بوو

مانشێتەکانی ئاسمان

سەراپا لە (ه) پێکهاتبوو

ئەو رۆژە قڕانی پیتەکان بوو

لەم چڵ بۆ ئەو چڵ هاوار هاواریان بوو

لەوە دەچوو

رووداوێکی گەورە بەڕێوە بێ

نەمدەزانی ئەمە نەفخی

هاتنی میوانێکەو

لەمنی دەشارنەوە

ئەمە لەدایك بوونی گوڵێکی سورەو

بەمنی ناڵێن

رۆژە تاعونیەکان خەریك بوون

ئەو بەرگەیان لەبەردەکردەوە

لەچڵکی چەندەها ساڵە خۆیان دادەماڵاند

**دەیانزانی لەگەڵ هاتنی میواندا**

**رۆژە تاعونیەکان دەبن بە گوڵ**

**ئەوە لە کوێی میوان**

**هەموو چاوەرێن و من ئاگادارنیم**

**لەلامان بمێنەوە میوان.. .**

**چەند بەتامە یەکترناسینی نیوەڕۆیەك**

**چەند جوانە پشکینی هەڵاڵەیەك**

**میوان..میوانی ئازیز... میوان**

**لە مۆنیتەرەکەوە بۆنێکی خودایی**

**دەهاتە لووتمەوە**

**بۆنێك کە پێشتر بۆنم نەکردبوو**

**بۆنێك کە لە بۆنەکانی ئەوان ناچوو**

**بۆنێکی غەریب**

**بۆنێك کە ئێستا دەزانم**

**بۆنی قژی خاوی دیلکراوت بوو**

**میوان.. میوانی ئازیز... میوان**

**لە ئاسمانەوە لەچەکی ئاڵووالاً**

**دەهاتە خوارێ**

**کەپێشتر نەمبینی بوو**

**هەرچۆلەکەو دانەیەك لە ملیا**

**پێکەوە دەیانگوت**

**سوپاس میوانی ئازیز.. . دیاریەکەت جوان بوو**

**ئەو لەچەکەی کە قژی خاوت**

**بەدەستیەوە دیل بوو**

**زانیم تۆ بووی میوان.. . زانیم**

**لەلامان بمێنەوە میوان**

**خوانی نیوەڕۆیەك لە (کاتێکی خۆش)**

بەقەی خواردنی هەموو نیوەڕۆکانی تەمەن بوو
پیاسەی نیوەڕۆیەکی گەرم
بەنێو ولاّتی خاچ پەرستەکاندا
لە پیاسەی ئێوارەیەکی فێنك ئالّتر بوو
توڕەییەکانت لە مەکری مامزێك
نەشمیل تر بوو
چەند جوان بوو
گوڵێکی سورم لە جامێکی رەشەوە بینی
ئەوکاتەی ترپەی دڵمان لە چرکە بەهێز تربوو
ئەوە یەکەم خەڵوەتمان بوو
میوان.. میوانی ئازیز.. . میوان
مەسیجەکانت ئێواران سەردانی دەکردین
ئێوارەیەك هات و مەرحەباکانی دلاوەری پێبوو
* (بەدواما مەگەڕێ هاوڕێم
تا گەلاّ بە درەخت و
ترێ بە رەزو منالّ بە کۆلاّن و
کچان بەشەقامەوە بن
من لەوێ نیم)
دڵخۆش بووم میوان دڵخۆش
زانیم شیعر شەوە میوانەو
هاوڕێی تۆشە
لەنێو شاری پەروانەدا مەسیجەکانت جوان بوون میوان
سلاّوەکانی پەروانە فێنك بوو
نەتبردین و لەم مەنفایە جێماوین
سلاّومان بگەیەنە پەروانەو پێی بڵێ:
ئێمەش بەرێگاوەین بەرەو شارەکەی
با تاوێك سەربەست بین.. . دور لەوان

**دور لە شارو گەرەك**

**دور لەو گەردەلولانەی لەگەڵ خۆیا تێکما دەئاڵێنێ**

**ناشزانین بەرەو کام ئاراستەیە**

**لەجیاتی من ماچی درەختەکانی ئەو شاری پەروانە بکەو**

**بڵی باخەوانێك بەرێوەیە**

**لە باخەوانەکانی شار ناچێت**

**هیچ گوڵێکی سور ناکرتێنێ**

**مەسیجێکمان بۆ بنێرە میوان**

**پڕبێت لە میهرەبانی پەروانەو**

**هەوای پاکی ئەو شارەو .. .**

**یاساکانی عەشقی تێدا بنووسەوە بەیاسای پەروانە**

**ماچی ئەو گوڵانەمان بۆبێرە کە شەونمیان لەسەرماوە**

**تینوین بۆ ئەو شارە تینوین.. .**

**لە گەڕانەوەتدا**

**لەلامان بمێنەوە میوان... میوانی ئازیز.. میوان**

**لەلامان بمێنەوە تا دایکم بەدەستە ناسکەکانی**

**قژت بۆ دابێنێ**

**بە لێوە تەڕەکانی ماچێکت بکات و**

**رومەتی ئاڵت لەشەرما**

**سورهەڵگەرێ**

**لەلامان بمێنەوە میوان بە نەنکم گووتووە**

**لە نوێژەکانیا دوعات بۆ دەکات و**

**داواکانت بە مەسیجێکا بۆ دەنێرێ**

**ئەو دوعا ناسکانەی**

**بەتەسبیحێکەوە سەدو یەك دانەو سەدو یەك جار**

**بۆت دەپارێتەوە**

**بوخچەیەك دیاری منداڵی بۆ داناوی**

درەنگە شەویٚ یاری پێبکە

بیرت نەچێ میوان

بیرم ناچێ میوان

ئەو رۆژانەی لەگەڵ زەمەنا شەڕم بوو

پێت دەگووتم :

(لۆ بێزاری ئارام, دیسان چ بووە.. .؟)

هێمن هێمن ئاشتت دەکردمەوە

تورە دەبویت و دەتگوت:

(ژیان سەخیف نیە.. !)

دووبارە سەنگەرەت پێدەگرتمەوە

ئیتر من و زەمەن دەستمان لە ملی یەك دەکردو

پێکەوە بە هەولێردا پیاسەمان دەکرد

پیرۆزیەکانت بە شیعرێك تەواو نابێت میوان

بۆیە ناوت دەکەم بە نوشتەیەك و

لە ژورەکەما هەڵیدەواسم

میوان.. . میوانی ئازیز.. میوان

* دیڕێك شیعری دلاوەر قەرەداغی

ئارام رەمەزان
سەرەتای 2006
asalaie@yahoo.com